**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**ژمارە: ١٢١٥ لە ٢٠٢٢/٢/٦**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٢) لە ٢٠٢٢/١/١٩ تایبەت بە لێخۆشبوون بە ڕێژەی (١٥%) لەو پێشینانەی حکومەت لەلای هاووڵاتیانە وەک (پێشینەی خانووبەرە و قەرزی سندوقی نیشتەجێ بوون و بانکی خانووبەرە و پێشینەی هاوسەرگیری و قەرزی بچووک و پێشینەکانی بانکی کشتوکاڵی و پێشینەی پیشەسازی و گەشتیاری ) کۆنووسی لیژنەی دەرکردنی و پێداچوونەوە بەرێنماییە داراییەکان ژمارە (٥١) لە ٢٠٢٢/٢/١ بڕیارماندا :

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە لێخۆشبوون بە ڕێژەی (١٥%)**

١- داشکانی ڕێژەی (١٥%) لە سەدا پازدە لەو پێشینانەی حکومەت لەلای هاووڵاتیانە وەک (پێشینەی خانووبەرە و قەرزی سندوقی نیشتەجێ بوون و بانکی خانووبەرە و پێشینەی هاوسەرگیری و قەرزی بچووک و پێشینەکانی بانکی کشتوکاڵی و پێشینەی پیشەسازی و گەشتیاری ) بەمەرجێک هاووڵاتیان ئامادەبن تا (٩٠) نەوەد ڕۆژی کار لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/١٩ تەواوی پێشینەکان بۆ حکومەت بگەڕێننەوە .

٢- دوای جێبەجێ کردنی خاڵی (١)ی سەرەوە تەواوی سزای دواکەوتن کە هاتووەتە ئەو پێشینانە لێخۆشبوونیان بۆ بکرێت .

٣-داشکانی ڕێژەی (١٥%) لە سەدا پازدە لە بڕی پابەندی دارایی کەڵەکەبووی وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار ( شارەوانیەکان ، گەشت وگوزار ، ئاو) بەمەرجێک کەس و لایەنی بەرپرسیار لەو پابەندییە داراییە ئامادەبن تا (٩٠) نەوەد ڕۆژی کار لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەواوی بڕی ئەو پابەندییە داراییانە بۆ حکومەت بگەڕێننەوە .

٤- بڕگەکانی سەرەوە لێخۆشبوونی تەواوی سزای دارایی دواکەوتنی قەرزی پارەی بەشدارییەکان (مساهمات صندوق الضمان الاجتماعي)تایبەت بەدەستەبەری کۆمەڵایەتی(الضمان الاجتماعي)یش دەگرێتەوە بەمەرجێک خاوەنکار تەواوی پارەی کەڵەکەبووی بەشدارییەکان بەشێوەی نەقد بەیەکجار بدات لەماوەی دەستنیشانکراو لە سەرەوە .

٥- لێخۆشبوون لە تەواوی سزا و سووی دواکەوتنی پەیوەست بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لەسەر باج و رەسمی کەڵەکەبوو بەمەرجێک تەواوی باج و ڕەسم بدرێت بە حکومەت لەماوەی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە .

٦- بڕگەکانی سەرەوە خودی باج و ڕەسم ناگرێتەوە کە بەپێی دەستوور دەبێت لە چوارچێوەی یاسادا لێخۆشبوون لە ڕەسم و باج ڕێکبخرێت و قەرزە بازرگانییەکانیش ناگرێتەوە کە بەکۆمپانیا و





بەڵێندەر و وەبەرهێنەران دراون وەک ئاسانکاریی بانکی لەلایەن بانکە بازرگانییەکانەوە و لەچوارچێوەی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ ڕێکخراوە .

٧- ئەو باجەدرانەی کە بەپێی ماددەکانی (٥٧ و ٥٨)ی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەمووارکراو ئاراستەی دادگاکان کراوە و هەروەها ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن لیژنەی (استئنافیە) دەرچووە ئەم لێخۆشبوونە نایانگرێتەوە .

٨- ئەو پاژە (تقسیط)انە کە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری کە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە دەرکراوە لە سزای دواکەوتن و سوو دەبەخشرێن لە ماوەی (٩٠) ڕۆژی کارکردن بەمەرجێک تەواوی رەسم و باجەکان بگەڕێننەوە .

٩- بۆ پێشکەش کردنی هەموو جۆرە ئاسانکارییەک لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان بەشێوازی (تقسیط)یشەوە بۆ پێدانی باج و ڕەسمی کەڵەکەبوو بەمەرجێک داواکاری بۆ سوودمەندبوون لەو ئاسانکارییە پێشکەش بکرێت لە ماوەی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە لە دەسەڵاتی وەزیری دارایی و ئابووریدایە .

١٠-ئەم ڕێنماییە لەڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٢٢/١/١٩ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی وئابووری**